# خاڵی دەستپێکردن و یەکگرتن، سەراتاکانن*

*بەشی دووەم*

هەژێن
http://www.kurdplanet.net/hezhean/

سەرەتا دەستخۆشی لەم هاورێیە بۆ بەشداریکردنی بە وتارێک بەناوی «سەرنجێک لەسەر بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان و پێشنیارێک» دەکەم و لە شوێنی خۆمەوە دەستی دەگوشم و ئامادەیی خۆم بۆ قسەوباس و پەرەدان بەم هەوڵانە بە ئامانجی چەقبستنی هوشیاری چینایەتی لەم هەوڵانەدا و هەڵخرانی هەرچی زیاتری هەڵسوڕاوان و خەباتکارانێکی ئازادە، کە ئەورۆکە بە هەر هۆیەک بووە، کەمێک دوورەپەرێزی لە خۆیان نیشان دەدەن و کەنارەگیری لە ئامادەیی مەیدانی دەکەن. هەڵبەتە کرانەوەی دەروازەی لێدوان و مشتومڕی ڕەخنەگرانە و شیلکارانە، یەکە یەکە دەمانهێنێتە دەرەوە و لە یەکمان کۆدەکاتەوە و دواجار هەڵخرانی بزووتنەوەکەی بەدوادا دێت!

هیوادارم هاوڕێ سەمەد و خوێنەرانی هێژا، بە پێچەوانە ئەم سەرنج و وەڵامدانەوانەی من وەرنەگرن، بەڵکو بە ئامادەیی و گەرمراگرتنی قسەوباسەکان و تێندانە بەریان لێکی بدەنەوە. بۆ ئەوەی قسەوباسەکانمان نەبنە چەنەدانێکی کیبرکێکەرانەی دەستە و گرووپ و ئاراستە جیاوازەکان و هەوڵ بۆ فریودانی خوێنەر بە شکاندنەوەی ڕاسی بەلای خۆدا و هەمیشە هەڵەدانانی بەرامبەر، باسەکان تەواو نەبن، هەوڵدەدەم سەرەتا لایەنە پۆزۆتیڤەکانی سەرنج و پێشنیارەکانی هاوڕێ سەمەد بخەمەڕوو و ئەوسا سەرنج و پێشنیاری خۆم بۆ باسەکەی زیاد بکەم، بەو هیوایەی ویش بەرامبەر من بەو کارە هەستی و لایەنە نیگەتیڤەکانی باسەکەم من دەسنیشان و ئەڵتەرناتیڤی دروستی خۆی بخاتەڕوو.

هاوڕێ سەمەد بە وریایی و بەوردییەوە هەستی بە ڕۆڵی نیگەتیڤی سکتاریزم لە بزووتنەوەکەدا کردووە و سەرنجمان بۆ کێشە و قەیرانە ڕێکخراوەییەکان ڕادەکێشی و نائامادەیی و لاوازیمان لەبەرامەر هێزە بۆرژوازییەکاندا، بۆ ئەم هۆیە دەگێڕێتەوە. هەروەها دەرکی بەوە کردووە کە سۆشیالیزم و خەبات بۆ کۆمەڵگەیەکی مرۆیی، تەنیا چینی کارگەر ناگرێتەوە، بەڵکو سەراپای چین و توێژە چەوساوەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، ئەگەرچی کارگەر بەپێی ڕێوشوێنی لە بەرهەمهێناندا ڕۆڵی لۆکۆمۆتیڤی ئەو بزووتەوەیە دەبینێت. پاشان دەچێتە سەر چارەنووسسازبوونی ئەم دەورانە لە بەرێخستنەوەی بزووتنەوەکە و کارایی دەستبەکاربوونی ئەم ڕۆژانەمان لەسەر رەوتی خەبات لە داهاتوودا، کە بەلای منیشەوە هەنگاوە سەرەتاییەکان، خۆڕاگری و ئامادەیی دواترمان مسۆگەر دەکەن.

بەڵام کاتێک، کە هاوڕێ سەمەد لە درێژەی باسەکەیدا دەچێتە سەر پێشنیار و سەرنجەکانی، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەم هاورێیە، هێشتاکە خۆشباوەڕی بەو هێزانە ماوە کە وی ڕەخنەیان ئاراستە دەکات و بە سەرچاوەی لاوازی بزووتنەوەکەیان دەزانێ و پێشنیارەکانی ڕەنگ و بۆی ئەوانی لێدەێ و هێشتاکە لە تۆزوگەردی کارایی دەنگۆی زاڵ خۆیان دانەتەکاندووە. ئەمە بۆ من جێگەی نیگەرانییە و هەر ئەمەش پاڵم پێوە دەنێت، بۆ وەڵامدانەوە و کەوتنە قسەوباس.

هاوڕێ سەمەد دەپرسێت: ئایا لە توانادا هەیە پێش بەم ڕەوەندە پرمەترسییەی چەپ بگیرێت و ڕزگار بکرێت؟ چەند دێرێک خوارەوەتر خۆی وەڵام دەداتەوە و دەڵێ بەڵێ لە توانادا هەیە....

بەڵام من بە نۆرەی خۆم، لە وەڵام بەم پرسیارە دەڵێم، نەخێر. لەبەر ئەوەی کە چەپ هێزێکی ناڕازی دەسەڵاتخوازە، کە نوێنەرایەتی خەون و خواستی توێژە وەردە بۆرژوازییەکان دەکا و کارگەران و زەحمەتکێشان بە شێوازێکیتر لەوەی پارتە فەرمانڕەواکان، بۆ ئامانجەکانی خۆی بەکار دەهێنێت، هێزی دەسەڵاتخوازیش هیچکات ناتوانێت، لە بەرژەوەندی ئەوانەی پاگەندە بۆ نوێنەرایەتیان دەکات، دەستبەرداری خەونەکانی بێت. بڕواننە پارتە بۆرژوازییە دەسەڵاتدارەکان و پیوانەی پاگەندە و کردەوەکانیان بکەن، قومار بە چارەنووسی نەتەوەیەک دەکەن، کە پاگەندی نوێنەرایەتی دەکەن، چەپەکانیش بۆ ئەوەی لەدەرەوەی بازنەی خۆیان کەس سەر دەرنەهێنێ، دەست بۆ هەموو شێوازێکی شێواندنی ڕاستی و دۆگم و تەنانەت درۆودەلەسەش دەبەن. هەریەکە بەتەمایە ئەویتر بخاتە ژێر ساباتی پارتەکەی، ڕکخراوەکەی، سکرتێرەکەی و تەنانەت بەمەشەوە نەوەستاون و بە هەمان شێوەی پارتە فەرمانڕەواکان، کەوتتونەتە پاشکۆکردنی هەر نارەزایەتی و ڕێکخراوبوون و جوڵانەوەیەک. تەمەنی کێبرکی و شەڕەدەنووکی چەپ، تەنیا ئەم پازدە ساڵەی کوردستان نییە، برۆ لە مێژووی دووسەد ساڵەدا بۆی بگەڕێ و تۆش یەکەم کەس نەبووی، کە لەدلسۆزیتەوە، پێشنیاریان بۆ بکەیت و ئەوان بە ڕیشت بخەنن!

پاشان دەپرسێت ئایا ئەم بزووتنەوەیە شانسی ئەوەی هەیە، ببێتەوە بە یاریچییەکی بەتوانای گۆڕەپانی کێشمەکێشی سیاسی و لە قازانجی هەژارانی کۆمەڵگە، پاشەکشە بە بزووتنەوە راستڕەو و کۆنەپارێزەکان بکات؟

لە وەڵامدا دەڵیم، ئەگەر مەبەستت، لە چەپە، ئەوا دیسانەوە نا، چونکە نە کەشی سیاسی نێونەتەویی و نە ناوخۆیی بۆ وەها وازیکردنێک لەبار نییە و بڕواناکەم شەڕێکی تری سارد دروست بێتەوە، تاوەکو چەپ ببێتەوە ئەو یاریزانە. گەر مەبەستیشتان لە بزووتنەوەی سۆشیالیستی کە لۆکۆمۆتیڤەکەی بزووتنەوە جەماوەرییە سەربەخۆکانی کارگەران، وەرزێران، ژانان، مامۆستایان، خوێندکاران، فەرمانبەران و .. تد. ئەوا بەدلنیاییەوە و نەک تەنیا لە بەرامبەر هێزە راستەکاندا لە باری سیاسییەوە، بەڵکو دەتوانێ شێواز بەڕیوەبردن و ئۆلگوی کۆمەڵگەی داهاتووش بخاتەڕوو و ببێتە هێزێکی چارەنووس دیاریکەر و دەسەڵاتی بۆرژوازی بخاتە مەترسییەوە، بڕوانە بۆ بزووتنەوەکە لە ئامریکای لاتین و کارایی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بزووتنەوەکە، بڕوانە ئەزموونەکانی کارگەرانی ئەرژەنتین جۆن کارخانەکان بەڕیوە دەبەن، بڕوانە بزووتنەوەی بێکاران چۆن خەریکی گۆڕینی سیمای گەرەکە هەژارەکانن، بە کۆمەڵگەی پڕ هاریکاری و خۆبەڕیوەبردن، بڕواننە ڕۆڵی مامۆستایان و خوێندکاران لەو بزوتنەوانەدا، بڕوانە چۆن ژنان، پیاوانی هیوابڕاو لە مەیخانە و کەنیسەکاندا دەکێشنە دەرەوە و ورەیان وەبەر دەدەنەوە بۆ هەستانەوە و خەبات، بۆ گۆڕینی سیستەمیک کە هیوایان بەگۆڕینی لاواز بووبوو. ئێمە لەبری جوینەوەی وتە بێکاراکان و لەبەرکردنی دەقە زەردهەڵگەڕاوەکانی نێو پەرتوکان، پێویستە وەک ئەوان هانگاوی بە کردەوە بێنین، یەکیتی بێکاران تەنیا بۆ پاشکۆیی پارت و بۆ داواکردنی بێ ئامادەیی مەیدانی بیمەی بێکاری بەچەند ئەندامێکی لیژە مەحەلییەکانی پارت قوت نەکەینەوە، ئەندامانی یەکیتی بێکاران لە ئەرژەنتین تەنیا ناوی سەر لیستی پارت نین، شەقامە گشتییەکان دادەخەن، پشتیوانی لە مانگرتنە کارگەری و گشتییەکان دەکەن، شیر بۆ منالّنای شیرخۆر پەیدا دەکەن، خانوو و ئاوەڕۆ و کۆڵانەکان و ڕێوبانی گەڕەکە هەژارنشینەکان چیدەکەنەوە. ئەمەش بە شەورۆژێ نەهاتۆتە دی و کاری لێبراوانەی پێویست بووە، فێرکار و ڕێکخەر و هەڵسوڕای پێویست بووە. بڕواننە کارخانە دەستبەسەرداگیراوەکانی ئەرژەنتین، بەرهەمیان لەچاو سەردەمی خاوەنداریتی بۆرژواکان زیاتر و موچەی کارگەرەکانیان زیاتر و کارگەرانێکی بیکاریشیان خستۆتە سەرکار و ئەو کارگەرانە بەڕیوەیان دەبدەن، کە پێستر بۆیان نەبوو بەبێ مۆڵەت بچنە ژووری سەرکارەکان نەک بەڕیوەبەر و خاوەنکارەکان. ئایا لە خۆتت نەپرسیوە، بۆچی چوار ساڵە چەپ لە کوردستان و تەنانەت جیهانیشدا وەک هەواڵ و ڕووداویش ئەم

دەستپێشخەریی و هەنگاوە سەرەتاییانەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بڵاوی ناکەنەوە و نێوی نابەن، تۆ بڵێی نەیان بیستبێ؟!

هاوڕێ گیان، بەداخەوە لە کاتێکدا کە خۆت لەسەرەتادا زۆر وردبینانە پەنجە دەخەیتە سەر ئەوەی کە هۆی ئەم پاشەکشێ و کارا نەبوونە، ململانێی سکتاریستی و کێشە لابەلاییەکانی ڕێکخراو و پارتەکانە، کەچی چەند پەرەگرافێک دواتر پارت دەکەیتەوە دەرمانی دەردان، لە شوێنی تردا، باسی ئەمەم کردووە و لێرەدا دووبارەی ناکەمەوە و سەرنجت بۆ بۆچونەکانی هاوڕێ ماهر عیسا ڕادەکێشم، لەمەڕ تێکشکانی بزووتنەوە جەماوەرییەکانەوە، کە چۆن لەبەر وابەستەبوونیان بە پارتە سیاسییەکانەوە، لەگەڵ لادان و بادانەکانی پارتەکاندا یا پوکاونەتەوە یا کراونە قوربانی، کە هەر پارتی خاوەن بەرنامە بووە، چ لە چلەکان و پەنجاکان و شەستەکاندا، چ لە نەوەدەکانی سەدەی پێشوو و ئەم چەند ساڵەی سەرەتای سەدەی بیستویەکەمدا بزووتنەوەکانی مایەپوچ کردووە و ئەوەی کە ئەوەی کە بۆرژوازی بە هۆی ڕێکخراوە زەردەکانییەوە پێی نەکراوە، ئەمان بەهۆی سیاسەتێکەوە لە مناڵدانی پارتە بۆرژوازییەکانەوە لەتەک خۆیاندا هێناویانە، هەوڵەکانی دەرەوەی دەسەڵاتیان کردۆتە پاشکۆی خۆیان و خۆیان پاشکۆی بۆرژوازی. ئیتر نازانم چۆن پارت دەکەیتەوە بە هەتوانی زامەکانمان؟

دوابەدوای ئەمە جارێکیتر بۆ خۆی پارت دەخاتەوە ژێر پرسیار و ئەو ڕۆڵەی لەسەرە پێی دەبەخشێت، لێیدەستێنێتەوە و دەڵێ " هیچ پارتێکی سیاسی ناتوانێت تەواوی بزووتنەوەکە لە چوارچێوەی خۆیدا ڕێکبخات و کۆتایی بە پرشوبڵاوی بێنێت، بۆیە بەشێکیتری ڕێگەچارەکە هەوڵدانە بۆ دروستکردنی بەرەیەکی هێز و لایەنە چەپ و سۆشیالیستەکان ...." لێرەدا، لەبەر ئەوەی کە ناکۆکی لە بۆچونەکانی ئەم هاوڕێیەدا بەدی دەکرێت و کە بۆخۆی دانانە بەوەی کە پارت نوێنەرایەتی چینەکە و گشت بزووتنەوەکە ناکات، کەمێک قسە هەڵدەگرێت. وەک وتم پارت بۆخۆی هۆکاری ئەم پرشوبڵاوی و دابڕانەیە و دروستبوونی ئەو هەمگە پارت و ڕێکخراو و تاقمۆکە سیاسییانە، نیشانەی ئامادەنەبوونییانە بۆ کاری هاوبەش و وازهێنان لە دەسەڵاتخوازی و کێبڕکێی فریودانی جەماوەر بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، بۆیە پێکهاتنی بەرە بێسوود و بێ ئەنجامە و لەڕاست و چەپ بەرەی زۆرمان دیوە، کە تەنیا ناوی سەرکاخەز بوون. لەبەرامبەر ئەمەدا ڕێکخراوەی جەماوەری و بەرەی جەماوەریمان پێویستە و جارێکی تر سەرنجت بۆ ئەرژەنتین و بۆلیڤیا ڕادەکێشمەوە و باشترین بەڵگە و پێوەری دروستین.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم، تەنیا ڕۆشنایی خستنەسەر وشەی «کاسبکاران» بەپێویست دەزانم، چونکە لەسەر پارت و ڕۆڵی پارت قسەمانکرد. کاسبکاران کێن؟ کامە توێژی کۆمەڵایەتین و ڕێوشوێنیان لە کۆمەڵگە و ململانێکاندا کامەیە؟ ئەگەر مەبەستت لە بەرگدوور و دەستفرۆش و شۆفێرە، ئەوا شتێکیترە، ئەگەر مەبەستیشت لە وردە بازرگانانە، ئەوا لە هیچ سەردەمێکی مێژووییدا لەبەرژەوەندی سەروەرانیان نەداوە و نایدەن، چونکە هیچ هاندەرێک نییە بۆ ئەو کارە پاڵیان پیوە بنێ و بیانخاتە ڕیزی خەباتکارانی سۆشیالیستەوە و ئەم دەربڕینەت لە دەربڕینی (حشع) دەچێت و کە لە هیچ سەردەمێکدا نیازی گۆڕینی تەنانەت دەسەلاتی سیاسیشی نەبووە و هەردەم نوێنەرایەتی کاسبکارانی کردووە و خۆی بەدەسەڵاتدارانەوە هەڵواسییوە. هەروەها ساڵانێکی دوور و درێژ (کۆڕەک) واژەی کاسبکارانی لەبری بۆرژوازی دەرخوار داین و ڕەزاشیرینی دەکردن لای ئێمەی چەوساوە و بەم ناوەوە درزەکانی دێوجامە نەتەوەییەکەی دەدوورینەوە.

هاوڕێ سەمەد لە خاڵی سێیەمدا دەڵێ " سۆشیالیزم و بیری سۆشیالیستی لەگەڵ زۆربەی پرنسیبە دیموکراتەکان تەبایە ( هەڵبژاردنی ئازادانە چ لە کۆمەڵگەدا و چ لەناوخۆی پارتدا، ئازادی ڕادەربڕین و جاپەمەنی و دەربڕینی بیرورا، ئازادی سیاسی و پێکهێنانی پارت و کۆمەڵە و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی

سیاسی و جەماوەری، هەمەچەشنەیی لە دامودەزگە دەوڵەتییەکاندا، ئازادییە کەسییەکانی تاکەکانی کۆمەڵ لە ژیانی تایبەتی خۆیاندا ..هتد) سۆشیالیزم لە حاڵەتی سەرکەوتن و حوکمرانیدا دیموکراسی لە نێو نابات، بەڵکو گەشەی پێدەدات.... بۆ نمونە ئازادی موڵکایەتی سنوردارە، لایەنێکی سەلبی و بارەوایی دیموکراتی ئەم سەردەمە بێ سنووری مافی موڵکایەتییە بەرا "

یەکێک لە کارایییە هەرە بەرچاوەکانی چەپ لەسەر بزووتنەوەی سۆشیالیستی، هاوواتا و هاونرخ دانانی دیموکراسیەت و ئازادییە، پلورالیزمی سیاسی و ئازدییە گشتییەکان ( مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ) و دواجار دیموکراسیخوازی و ئازادیخوازی. ئەمە هەنگاوی یەکەمە لە چەواشەکاری و بەلارێدابردنی یان راستر بڵێم لەباربردنی بزووتنەوە کۆمەلایەتییە شۆڕشگێڕەکان. بەداخەوە ئەم تێڕوانینە هەڵە و زیانبەخشانە ڕۆژانە لێرە و لەوێ لەدەمی هەڵسوڕاوانی سۆشیالیستی و کەسانی تێکۆشەر و دڵسۆزەوە دەردەبڕدرێن و هەزاران لاوی پرخرۆشی کەم ئەزموون، دەکەنە سەربازی بەوەفای پارێزگاری لەم سیستەمە دیموکراسییەکەی سەمایەداری و بەمجۆرە لە کەمتەرخەمی و ناهۆشیاری خۆمان، مۆری ڕازیبوون لە درێژکردنەوەی کۆیلەتیمان دەدەین. ئاخر چەندە ئێمە نارۆشن بین و چەندە تێڕوانینەکانی سەروەران بجوینەوە، هێندە ئازادی خۆمان دوور دەخەینەوە.

ئازادی ماکی مرۆڤە، بوونی مرۆڤە، سروشتی مرۆڤە و تەنیا لە بوونی ئازادیدا، دەتوانین بوونی خۆمان وەک مرۆڤ پێناسە بکەین، چونکە تا سەروەری هەبێ، کۆیلەتی هەیە و تا کۆیلەتی هەبێ، ئازادی بوونی نییە و ئا زادیش نەبین، مرۆڤ بوونی خۆمان بەدەست نەهێناوەتەوە. مرۆڤ بوونمان لە گرەوی ئازادبوونماندایە و ئازدیش تەنیا لە کۆمەڵگەیەکی مرۆییدا لەدایک دەبێ و گەشە دەکات و ئەوەی ئەورۆکە بە جۆرێک و لە بەرهەمی خەباتی چەندین سەدەی بێوچان بەدەستمان هێناوە و ناوی دیموکراسی لیدەنێن، شتێک نییە بێجگە لە بۆنی ئازادی یا ڕیژەیەک لە شکانی کۆت وبەندەکانی دەستوپێمان! سۆشیالیزم و دیموکراسی نەک لەتەک یەک نایێنەوە، نەک تەواوکەری یەک نین، دوژمنی سەرسەختی یەکیشن و دیموکراسی چەکی لەناوبردنی بزووتنەوەی سۆشیالیستییە، بڕوانە شەڕەکانی دیموکراسی لەگەڵ بزووتنەوە ئازادیخوازەکان!

دیموکراسی ئەگەر چی دەسەلاتداران و ڕۆشنبیرانی وردەبۆرژوا دەیانەوێ چەمکە کۆنەکەی کە دێوجامەی دەسەلاتی گەل بوو، بگۆڕن و هاوتای بکەن بە ئازادی، بەلام لەسەراپای مێژووی کۆمەڵگەی چینایەتیدا هەر لە یۆنانی کۆنەوە تاوەکو هەرە دیموکراترین دەولاتانی دونیا، هەر هەمان دێوجامە بووە و هیچکات لەگەڵ ئازادیدا بە ناچاری نەبێ نەهاتۆتەوە و سیستەمی دیموکراسی هیچ کات لەخۆوە و لەسروشتی بەرێوەبەرانییەوە، لە میکانیزمەکانییەوە نەبووە، ئەگەر ملی بە داخوازییەکی سیاسی یا ئابووری جەماوەری دابێ، تەنانەت ئەوەی کە خۆی پێ پێناسەدەکا و خۆی پێ هەڵدەکێشێ واتە مافی هەڵبژاردن و فرەپارتایەتی و دیاریکردنی ماوەی سەرۆکایەتی، لە مافپەروەری و ئازادیخوازی و نیازچاکی نوێنەرانییەوە سەرچاوەیان نەگرتووە، بەڵکو بەرهەمی هوشیاربوونەوەی جەماوەرین و هەرکات جەماوەر لە شکستدا بووبێ، ئەوا هەنگاو بۆ سنووردارکردنیان نراوە و دەنرێت. مافی هەڵبژاردن لەنێوان خراپ و خراپ دا، سەرەتا بۆ داراکان و خۆهەڵبژاردنیش بۆ شازادە و خانزادەکان و بۆ یەکەمجار مافی دانگدانی گشتی، کە تەنیا بۆ پیاوان هەبوو لەژێر کارایی بزووتنەوە جەماوەرییەکاندا بووە و بزووتنەوەی چارتیستی یەکێکە لەو نموونانە. دەنگدان و هەڵبژاردن لە سیستەمی دیموکراسیدا کە فرەتر لە گاڵتەجارییەوە نزیکترە تا لە ماف و ئازادی. چونکە لە کاتێکدا کە دەنگدەران دەنگ بەکسانێک دەدەن، تاوەکو نوێنەرایەتی داخوازییەکانیان بکەن، بەلام بە پێچەوانەوە، ئەوان نوێنەرایەتی شتێکی تر و کەسانێکی تر دەکەن،

ئەورۆکە بۆ تێگەیشتن لە دیموکراسی، هیچ پێوست بە خۆماندووکردنێکی فرە ناکات، تەنیا سەرنجدانێکی سەرپێیی لە ڕووداوەکانی سالانی دەهەی نەوەدی سەدەی ڕابوردوو و ئەم پێنج سالەی سەرەتای سەدەی بیستویەک بەسە، بۆ پێبردن بە ناوەڕۆکی دیموکراسی و پشتپەردەی ڕاستەقینەی ئەو پاگەندانەی کە بۆ پیرۆزکردن و هەمیشەیی بوونی دەکرێن. وابزنم نە ئەو هاوڕێیانەی کە بەجۆرێک کەوتوونەتە ژێرکارایی لافاوی پاگەندەی لایەنگرانی و هەم لایەنگرە فریوخواردووەکانی و هەم ئایدئۆلۆگەکانی، ناتوانن نکۆلی لەوە بکەن کە ئەوروپا و ئەمریکا و ئوسترالیا  لانک و بەهەشتی دیموکراسین و بڕیارە لێرەوە هەناردە بکرێت بۆ ولاتانی نادیموکراسی و بەم بەهەشتە لەژێر سەروەری مشتێک زالووی سەرمایەداردا شادمان بکەن. ئایا لەبەرامبەر بەرتەسکردنەوەی ئازادییە سیاسییەکان و سڕینەوەی بیمە دەرمانی و کۆمەلایەتی و دابەزاندنی کرێی کار و زیادکردنەوە و گێڕانەوەی ماوەی کار بۆ سەد و ئەوەندە سال بەر لە ئێستا، ئەمە لەکاتیکدا کە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا، ڕادەی بەرهەمێنان و دەستڕاگەیشتنی مرۆڤ بەسەرجاوەگەلێکی وەک وزەی ناوکی و هێلەکانی پەیوەندی جیهانی و زۆری ژمارەی دانیشتوانی سەر ئەم هەسارەیە، بەڕادەیەکە، کە نەک دەکرێت بەم تواناییانەی ئێستا برسیەتی و بێخانەولانەیی، مردن بەهۆی نەخۆشی و بەر بە کارەساتە سروشتییەکان بگیرێت، بەلکو لە خودی ئەو ولاتانەدا کە جاڕی دیموکراسی بە گوێی ئێمەدا دەدەن، ماوەی کاری ڕۆژانە تانیوەی ئێستای کەمبکرێتەوە و بیمەکان فرە بکرێن و بێکارێش نەهێلرێت و لەپال ئەمانەشدا ژینگە لە وێرانکردن بپارێزرێت، کەچی دیموکراتەکان ئەگەر ڕژانە سەرشەقامی بەردەوامی جەماوەر نەبێت، ئەوا ئاستی ژیانی کۆیلەکانیان بۆ سەردەمی ئەشکەوتەکان دەگێڕنەوە و ئازادییە سیاسییەکانیش تا ئاستی سەدەمی دەسەلاتی کلیسا وکەنیسە و خەلیفەکان دەگێڕنەوە.  ئایا هێشتاکە دیموکراسی و دیموکراتەکان هاوواتای ئازادی و ئازدیخوازانن، ئایا هێشتا پێتانوایە ئەو ئازادییە کەسی و سیاسیانە، ئەو ڕادەیە لە دابینکردنی بیمە کۆمەلایەتیەکان خەلاتی دیموکراتە سەروەرەکانە بۆ ئێمەی هەژاران؟ ئەمە دەستەمۆبوونی ئێمەیە بۆ لێشاوی پاگەندەی ژەهراوی دیموکراسی و دیموکراسی بێجگە لە ئازادی بۆرژواکان لە چەوساندنەوەی ئێمەدا، چیدیکە نییە و نابێت و هەر رادەیەک لە بوونی ئازادی سیاسی و کەسی لە هەر ولاتیکدا بە ئامادەیی و ڕێکخراوبوونی جەماوەری چەوساوەی ئەو ولاتەوە بەندە، بۆ ئەمە دەتوانن سەرنجی پیادەکردنی نەزمی نوێی جیهانی لە چەند ولاتی دیموکراتی وەک ئامریکا، ئالمانیا، هۆلەندە و فەرەنسا بکەن و ببینن، کە چۆن لەو ولاتەی کە جەماوەر فرەتر بڕژێتە سەرشەقامەکان، ئەو سیاسەتانە یا تووشی پاشەکشێ یا ڕوەتیان هێواش دەکرێتەوە. ئەمە دیموکراسییە و ئیتر نازانم نزیکایەتی لەگەل سۆشیالیزمدا لەکوێوە دستپێدەکات!

دیموکراسی شێوازی بەڕیوەبردنی سیستەمی سەرمایەدارییە و پارت و کەسانی جوار یا هەش سال هەلبژێردراوی نیو پارلەمانەکان بە پێچەوانەی ویستی دەنگدەرانەوە بڕیاردەدەن و گشت دەزگە و هێز و ناوەندەکانی دەولەت و بەڕێوەبەرایەتی پارێزگاری لە بەرژەوەندی کەمایەتییەکی مشەخۆر دەکەن، لەبەرامبەر هەر خرۆشانێکی جەماوەریدا بۆ بەرگرتن لە بڕیارە نابەجێکانی نوێنەرانی هەلبژرێردراوی گالتەجاری دەنگدانی گشتی ڕوخساری ڕاستەقینەی دیموکراسی لە یونفۆرمی پلیسی و سوپاییدا دەبینین. لەوانەیە هەلای سکیولاریستی و جیایی ئایین لە دەولەت گەورەترین هۆی ئەم فریوخواردنە بێت. بانگۆی ئەوەی کە لەم ولاتانە ئایین لە دەولەت جیایە، بە شێوەی جۆراوجۆر بەگوێماندا دەدرێت،، کەچی لە واقیعدا و لە ڕەوتی ژیانی ڕۆژانەدا، بەکردەوە نوێنەران و سێبەری کەنیسە و کلیسا لەهەموو کونوقوژبنێکی یاسا و بڕیاردانەدا ئامادەن، بۆ نمونە لە پارلەمان و ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکادا نوێنەری فەرمی کەنیسە چاودێری دەستکاریکردنی یاساکان دەکات، لە ئالمانیادا بیکارێک کە بیمەی بێکاری وەردەگرێت، ئەگەر مەسیحی بێت یا نا، بڕێک لە موچەکەی بەناوی باجی کەنیسەوە دەگێڕنەوە، هەروەها لە گشت کارخانە و کۆمپانیاکاندا، بەفەرمی باجی کەنیسە لە موچەی کارگەر دەبڕن، کەچی ئابوونەی یەکێتییە کارگەرییەکان بە فەرمی ناناسن و دەبێ بەخۆت لابەلایی بیدەیت، هەروەها لە ئالمانیا سالانە بیمە دەرمانییە یاساییەکان نزیکەی ٢٠ ملیارد یۆرۆ بۆ داودەرمان دەبژێرن، کە شارەزایانی ئەم بوارە پێیانوایە لە هەر پێنج پاکەت دەرمان یەک پاکەتی فرێدەدرێتە تەنەکی

خۆڵەوە، کە نزیکەی چوار ملیارد یۆرۆ دەکات، کە نیوەیان بەکەڵکی بەکارهێنان دێن، لەبەر ئەوەی کە بەهیچ شێوەیەک هەڵنەپچراون و کارایيان ماوە، کەچی یاسا دیموکراتەکان، لەبەر ئەوەی کە کۆمپانیاکانی دەرمانسازی کڕیاریان کەم نەبێ، ڕێگە لە بەکارهێنانی ئەو داودەرمانانە دەگرن و ئەو دکتۆرانە کە لەلایەن نەخۆشەکانیانەوە دەرمانی زیادە و بەکارنەهاتوو پێشکەش بە دەرمانخانەکەیان دەکرێ و ئەمانیش لەبری نووسینی ڕەچەتە بۆ نەخۆشی تر، ئەم دەرمانانەیان بەخۆڕایی پێدەدەن، ئەوا ڕاکێشدەکرێنە دادگە و سزا دەدرێن. ئازیزم خۆ ئەمەشیان فەرمانرەوایی پدک و ینک نین، تا بڵێین دیموکرات نین، ئەمانە دیموکراترین سەروەرانی دونیان. ئەمە ئەو دیموکراسییەیە، کە دیموکراتخوازەکان دەیانەوەێ دەرخواردمان بدەن و دەیکەنە نوشتە بۆ گشت گرفتەکانمان، ئەمە ئەو نمونانەن، کە فەیلەسوفەکانمان بەتەمان دەسەلاتە بۆرژوازییەکانی ڕۆژهەڵتێش ئاوا ئاوەزگیر (عەقلانی) بکەن! ئەوەی کە بە سکیولاریزم و جیایی ئایین لە دەوڵەت ناسراوە، کە بۆخۆی بەرهەمی قوربانی بوونی هەزاران و ملیۆنان ژنان و پیاوانی ئازادەیە، هێشتا ئەوە نییە، کە ئێمە ئازادیخوازان باسی لێوەدەکەین، تەنیا ئەوەیە لەچاو داخراوی کۆمەڵگەکانی خۆماندا لە ژێر سایەی دەسەلاتی سەربازی و ئایینی ئیسلامدا، ڕەونەقدار دەبینین. ئەمە ئەو دێوجامەیە کە هاوڕێیانێک لە نائاگاییەوە، بەباڵای سۆشیالیزمدا دەیبڕن. ڕەخنەی ئێمە لە دیموکراسی لەوێوە نییە، کە خوازیاری دەسەلاتی پارت یا ئایین بین، لەوێوەیە کە سەروەری و کۆیلەتی، کە دیوی شاراوەی دیموکراسین، ڕەتدەکەینەوە و لەبەرامبەریدا ئازادی، تەنیا ئازادی کە باڵاترین داخوازی مرۆڤە، سروشتی مرۆڤە، شایانی مرۆڤە، ئامانجی مرۆڤە دادەنێین، چونکە تەنیا بەسەروەربوونی ئازادی، دەکرێ کۆمەڵگەیەکی بێ چین و چەوسانەوە بنیات بنێین!

کۆمەڵگەی سۆشیالیستی، کۆمەڵگەیەکی ناچینایەتی و خاڵی لە سەروەرییە، لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا، لەبری هەر جوارساڵ جارێک دەنگدانێکی گاڵتەجارانە، هەڵبژاردن و وەلانانی هەڵبژێردراوان، هەرکات لە ویستی ئەوانەی کە هەڵیانبژاردوون لابدەن، ئەوا وەلادەنرێن. لەبری هەڵبژاردنی پارت و کەسانی دیاریکراو لە خوارەوەڕا، هەر لە گەڕەک و شوێنی کار و فێربوون و ڕاهێنانەوە تا دەگاتە سۆڤیەتە باڵاکان، هەر لە گوندەوە تا دەگاتە شار و ناوچە و هەرێم و وڵات و کیشوەر، کەسەکان هەڵدبژێردرێن و وەلانانیشیان هەر لەلایەن کەسانیکەوە دەبێ کە هەڵیانبژاردوون. ئەمە ئەگەر جاران بۆ بیانووگرانی دیموکراتخواز سەخت ودژوار دەهاتەبەرچاو، ئەوڕۆکە لەسایەی گەشەی تەکنۆلۆژیای زانیاریدا، وەک ئاوخواردنەوەی لێهاتووە. لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا گشت شوێنەکانی بەرهەمهێنان و پەروەردە و ڕاهێنان و خزمەتگزاری و دادوەری و تەنانەت ناوەندە زانستییەکانیش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییە خۆییەکانەوە دیاری دەکرێن و بەڕێوە دەبرێن. لەوێدا بە پێچەوانەی سیستەمی سەرمایەداری و شێوازە بەڕیوەبەرایەتییەکانی (دیموکراسی)، بەرهەمهێنان لەپیناو خۆشگوزەرانی مرۆڤ و داهێنانەکان بۆ ئاسانکردنی ژیان، لەوێدا نەک تەنیا پیشەسازی چەک و کەرەستە زیانبەخشەکان نامینێت، بەڵکو پاراستنی ژینگەش بەشێکە لە هەوڵی بەردەوامی مرۆڤ و ئەرکیکی کۆمەڵایەتی. لەوێدا نەک مافی مرۆڤ پارێزراو شایستەی ڕێزلێنانە، بەڵکو ئازادی، سەروەری مرۆڤ دەبێ و سنووری ئازادی تەنیا پاراستنی ئازادی دەبێت. لە وێدا هێچ شتێک لەسەروی ویست و ئازادی و بەختەوەری و توانای مرۆڤەوە نییە و هێچ پێناوێک نییە شایستەی مرۆڤکوشتن بێت؛ نە نەتەوە ، نەڕەگەز، نەنیشتمان، نەخوا و نە بەهەشتی ئەفسانەکان، ئایا هاوڕێ گیان هێشتا لەسەر ئەوە سووری کە دیموکراسی و سۆشیالیزم تەبا و تەواوکەری یەکن؟

هاوڕێ سەمەد باس لە بەشداری ئەو پارتە لە پارلەمان و فەرمانرەوایی بۆرژوازی دەکات، وەک کەناڵیکی گرنگ لە کەناڵەکانی خەبات و تێکۆشانی سۆشیالیستی بە تایبەت لە پەیوەند بە ڕیفۆرمەوە و دژایەتی تاکپارتی و لایەنگری فرەپارتی و خەبات بۆ دامەزراندن و جێگیرکردنی حکومەتی یاسای مەدەنی و سکیولار و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان....

سەرەڕای باوەڕنەبوونم بە پارت، نازانم پێداویستی ئەو پارتە لە کوێدایە، مەگەر ئەم شتانەی کە تۆ ڕیزتکردوون بەناوی خەبات و تێکۆشانی سۆشیالیستییەوە، ئەوە نییە (حشع) داوایان دەکات، ئیتر چ پێویست بە قوتکردنەوەی بەلایەکی‌تر بۆ گیانی پرۆلیتاریا دەکات، یا ئەوەتا لەسەر بنەمای ئەو پەندەی کە دەڵێ " گۆم تا قووڵ بێ، مەلەی خۆشترە"، پێتوایە چەند پارت بەناوی کارگەر و زەحمەتکێشەوە زیاتربن، سۆشیالیزم ڕەونەقدارتر دەبێ.

هاوڕێی ئازیزم، ئەو ئەو شتانەی تۆ باست کردوون، نەک کەناڵ و ئەرکی سۆشیالیستی نین، بەڵکو لەبەرامبەر سۆشیالیزمدا خۆیان پێناسە دەکەن. پێش هەموو شتێک نەک لە کوردستان، بەڵکو لە ئەوروپای دیموکراسیدا، مەرجی ڕەوایەتی هەر پارتێک واتە فەرمی بوونی، داننانە بە بەند و مەرجە یاساییەکانی دەوڵەت و بەشداری پارلەمانیش وابەستەی پابەندبوونە بە دەرنەچوون لە چوارچێوەکانی دەوڵەت و یاسا و بنچینەکانی سیستەمەکە، کە پارێزەری موڵکایەتی تایبەت و کاریکرێگرتەن، ئیتر نازانم بە چ پێوەرێک و بە چ ئاوەزێک تۆ پارلەمان بە کەناڵی گرنگی خەباتی سۆشیالیستی و دەوڵەت و یاسا بە بەشێک لە خەباتی سۆشیالیستی دادەنێی، بەڕای من دەبوو مۆدێلی ئەو کۆمەڵگە سۆشیالیستییەشمان بۆ ڕوون بکەیتەوە، کە بەم خەباتەی تۆ باسی دەکەی، پێیدەگەین. هاوڕێ گیان، کەم نین ئەوانەی پێش تۆ بەم هەڵەدا چوون و ڕێگەی گەڕانەوەیان لێ ونبووە! کەمنین ئەوانەی کە لە پارلەمانەکاندا، بەناوی کارگەرانەوە، ملکەچی سەرەڕۆییەکانی سەروەری سەرمایە بوون، داچلەکێ لەو خەوە موگناتیسییەی سۆشیالدیموکراتەکان، لەو خەیاڵپلاوییەی چەپە دەسەلاتخوازەکان، ئاخر بەکامە لۆژیک دەزگایەک (پارلەمان) کە بۆ یەکخستنی ڕیزەکانی چەوسێنەران و ڕەوا بەخشین بە چەوسانەوەی چینایەتی و ڕاگرتنی کۆیلان لە چاوەڕوانیدا، دامەزراوە، دەکرێ ببێتە کەناڵێکی گرنگی تیکۆسانی سۆشیالیستی، بەکامە لۆژیک ریفۆرم بەرهەمی بەشداری پارتە بەناو سۆشیالیستەکانە لەناو پارلەمانی بۆرژوازیدا؟ ئەگەر وایە، بۆچ لە ئەوروپا ڕیفۆرمەکان هەڵدەوەشێنرێنەوە؟ پێویست بەوە دەکات، بەڵگە بۆ ئەوە بینینەوە، کە هەر چاکسازییەک بەرهەمی خەباتی ڕۆژانەی جەماوەری چین و توێژە پرۆلیتێرییەکانە و لە دوو سەدەی رابوردوودا، سەدان و هەزاران قوربانیان بۆ درواوە؟ بە کامە لۆژیک خەبات بۆ دامەزراندنی حکومەتی مەدەنی و سکیولار بەشیکە لە خەباتی سۆشیالیستی، لە کاتێکدا حکومەتە مەدەنی و سکیولار و دیموکراتەکان، بەدەوام خەریکی بەرینکردنەوە و پتەوکردنی دەزگەکانی سەرکوتن، بۆ ڕێگەگرتن لە هەر هەوڵێکی سۆشیالیستی، سەرنجێک لە ئەرژەنتین بدە و بڕوانە چۆن، حکومەتی مەدەنی و سکیلار و دیموکرات، هێرش دەکاتە سەر ئەو کارخانانەی کە کارگەران لەسەر شێوازی سۆشیالیستی بەڕێوەیان دەبەن، بڕواننە پارێزەرانی یاسا و دەسەلات، چۆن کارگەران دەدەنە بەر ڕێژنەی گولە! ئاوڕێ لە خۆپیشاندانەکانی ١٩٨٩ و ١٩٩٠ی لەندەن و شیکاگۆ و دوو ساڵ لەمەوبەری شیکاگۆ بدەرەوە، بزانە دەسەڵاتە جیاکراوەکان چۆن، بڕیاری سەرکوتی ئەو خۆپیشاندانانە دەدەن. هاوڕێ گیان جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان نابێتە ئامانجی سۆشیالیستی، چونکە دەسەڵاتەکان چ جیابن و چ لێکهەڵپێکراو، هیچ لە سروشتی سەرو خەڵکیان ناگۆڕێت و هیچ لە دەسکەلا بوونیان بۆ پارێزگاری لە بنچینەکانی کۆمەڵگەی چیانیەتی واتە موڵکایەتی تایبەت و کۆیلەتی کرێگرتە کەمناکاتەوە، لەناوبردنی دەسەڵاتەکان و جیگرتنەوەیان بە خۆبەڕێوەبەرایەتی جەماوەری و بڕیاردان و جیبەجێکردن لەلایەن جەماوەر خۆیەوە، ئامانجی بزووتنەوەی سۆشیالیستییە! لێم زیز نەبی، گەر بڵێم سۆشیالیزمێک کە تۆ باسی لێوە دەکەی، هێندەی ئەوە خەیاڵە کە لەسایەی ئیسلام و بەعسدا وێنای سۆسیالیزم بکەی، ئاخر تۆ باس لەتەبایی و برایی زیندانی و زیندانەوان دەکەی ئازیزم!

چوارچێوەسازی بۆ خەباتی سۆشیالیستی، ئەمە گرفتی زۆرینەی ئەوانەیە، کە لە هۆی شکستی پارتایەتی چەپ و وەلامنەدانەوەی ئەم پارتانە بە کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵیەتییەکانی کۆمەڵگە نەگەیشتوون. هاوڕێ سەمەدیش نەیتوانیوە لەو بازنە داخرواە بیتەدەرەوە. لەخاڵی حەوتەمی پیشنیارەکانیدا، مەرجی سەرکەوتنی پارت، کە بەپێی باسەکەی دەکاتە خەباتی سۆشیالیستی و هێنانەوەی بزووتنەوەکەیە بۆ مەیدان، لە

کوردستانی بووندا دەبینێتەوە. دیسانەوە، هاوڕێ سەمەد ناتوانێ وێنا و دەرکی بزووتنەوەکە لەدەرەوەی پارت و سنووورە ناسیونالیستەکانی پارت، چ کوردستانی، چ عیراقی، چ ئاسیایی، بکات.

ئەم هاوڕێیە، خەبات بەبێ چوارچێوە و سنووربەندی ناناسێت، ڕاستر بڵێم خەباتی جەماوەری ناناسێت. دەکرێت، هۆکەی بۆ کەشی سەرکوتی سیاسی لە سایەی دەسەڵاتی بۆرژوای بەعس و پاشکۆبونی ڕێکخراوە بەناو جەماوەرییەکان و سێبەرکردنی بزووتنەوەی چەکداری بەسەر ئەم خەباتەدا، بگەڕێتەوە، بەڵام کاتێک کە ئێمە باس لە بزووتنەوەی سۆسیالیستی دەکەین، باس لە بزووتنەوەیەک دەکەین کە جیهانییە و دونیایەک وانە و ئەزموونی بۆ کەڵەکە کردووین، بۆیە ناکرێ هاوڕێ سەمەد، هەروا بەسانایی بێت و لەلایەکەوە بمانکات بەدەرگەکانی پارلەماندا و لە لایەکی ترەوە، چوارچێوەمان بۆ دیاری بکات. خەباتی سۆشیالیستی، لەهەر شوێنێک چەوسانەوە لە ئارادا بێت، ئامادەیە و پێویستی بە سنووربەندی و چوارچێوەی لەپێش ئامادەکراو نییە، چونکە کاتێک کارگەران، وەرزێران، خوێندکاران، ژنان، مامۆستایان، فەرمانبەران، بۆ بەدەستهێنانی داخوازییەک هەنگاو دەنێن، سەنگەر لەدەسەڵاتێک دەگرن، کە بەشێکە لە دەسەڵاتێکی جیهانی. کاتێک کە لە شوێنێک ڕەخنە یا هێرش دەکەنە سەر دامودەزگەکانی سیستەمەکە، تەواوی سیستەمەکە لە جیهاندا، ڕووبەڕووی ئەم هێرشە دەبێتەوە و سەراپای سیستەمەکە خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئامادەدەکات. هیچ پێویست بەوە ناکات یەکێتییەکی کارگەری چوارچێوەی کوردستانی بوون یا عیراقی بوون بۆ خۆی دیاری بکات، چونکە کوردستان و عیراق بەشێکی دابڕاو لە سیستەمی سەرمایەداری جیهانی نین. ئەگەر یەک بابەتی کێشەی نەتەوەیی بەدیاریکراوی وەرگرین، کە هاوڕێ سەمەد و زۆریتر لەوێوە بۆچوونەکانیان سەرچاوە دەگرن، ئەوا ئەگەر کۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوەیی وەک داخوازییەکی سیاسی بۆ کارگەران لە کوردستان مەترەح بێت، ئەوا هەر بەو جۆرەش هاوپشتی کارگەران لە خوارووی عیراق و لە بریتانیا و لە خوارووی ئەفریکا بۆ کارگەران لە کوردستان دەبێت، مەترەح بێت. یا لە کاتێکدا کارگەرانی ئاڵمانی دژی چوونەدەرەوەی کارخانە و کۆمپانیاکانن، لەبەر ئەوەی بێکاردەبن، ئەوا ئەرکی سەرشانیانە هاوکات پشتیوانی لە خەباتی بێکارانی ولاتانێک بکەن، کە سەرمایەدارەکان وەک سەرچاوەی هێزی کاری هەرزان چاویان تێبڕیون. بەمجۆرە دەبینین، خەباتی بزووتنەوەکە بۆ ئەرکە جێییەکانی (ئەو شوێنەی تێدا دەردەکەوێ)، لە هەمان کاتدا خەباتیشە بۆ ئەرکە جیهانییەکانی، یا بە واتایەکیتر سەرکەوتنی بزووتنەوەکە لە بەدەستهێنانی داخوازییەکانیدا، بە پشتیوانی بەشەکانیتری لە ناوچەکانی تری ئەم جیهانەدا بەستراوەتەوە و ئەستەمە بەبێ هەبوونی یەکیتی و هاوپشتییەکی جیهانی داخوازییەکان بەدەست بێنین یا دەستکەوتەکان بپارێزین! کوردستانی بوون و عیراقی بوون، ئەو چوارچێوانەن، کە سەروەران و پارتە دەسەڵاتخوازەکان بۆ پارچەپارچە کردنی ئێمە و ئاسان ڕاگرتنمان لە کۆیلەتیدا و درێژەدان بەسەروەری چینایەتی دایان دەتاشن و بەباڵای ئێمەیان دەبڕن.

دوا شت کە ماوە بیڵێم، ئەوەیە، وەڵامدانەی من بۆ تۆ، چەپ و ڕاست زەرب هێنان نییە بەسەر باسەکەی تۆدا و بەڵکو بە نرخاندنی باسەکەتی دەزانم و خۆزگە ئەوانەش کە لەناو پارتە چەپەکاندا بێدەنگەیان لە بەرامبەر ئەم باسە چارەنووسازانەدا هەڵبژاردووە، لە سەدا یەکی تۆ دەرکیان بە پێویستی ئەم پێشنیارکردنە و خستنەڕووی بۆچوونەکانیان و ئامادەییان بۆ کارکردن لەم پێناوەدا بکردایە هەستی چینایەتی و لێپرسراوتی چینایەتی پاڵی پێوەدەنان تاکو بەردێک فڕێدەنە ناو ئەو گۆمە مەنگ و لیخنەی، کە خەریکە بیری مرۆڤی سەدەی بیست ویەک تێیدا بۆگەن دەکات.

*داوای لێبوردن لە هاوڕێ سامان و خوێنەرانی هێژا دەکەم، کە هەڵەیەکی بەرچاوم بەرامبەر هەردووڵا کردووە، بە لەبیرکردنی نووسینی ناونیشانی باسەکەی هاوڕێ سامان سەعید، کە بەناوی «مارکسیزم و

سۆشیالیزم لە کوردستان لە کەنارەوە بۆ سەنتەری مەیدانی سیاسی»، هیوادارم بە دڵێکی گەورەوە لەم هەڵەیەم ببوورن.